**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٨٨١ لە ٢٠٢٤/٩/١٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (١٥٢)ی یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ ئەو رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری سێیەمی رێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی (١)ی رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ (هەمواری دووەمی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ) ، و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

(درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی رێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، بۆ (٢) دوو مانگی تر ، دەستپێدەکات لە رێکەوتی کۆتایی هاتن بە ماوەی هاتوو لە هەمواری دووەمی رێنمایی ئاماژەپێکراو .

**ماددەی (٢):**

ئەم رێنماییە لە رێکەوتی کۆتایی هاتن بە ماوەی ئاماژەپێکراو لە ماددەی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٦٢٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێناکایەی ( استحداث) کردنی ( پەیمانگای هیوای نابیستان خانەقین ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان /بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خانەقین ،بەمەبەستی زیاتر گرنگی دان بە منداڵانی نابیست و فێرکردنیان بە شێوازی خوێندن و نوسینی تایبەت بە خۆیان لە سنوری خانەقین .

٢-ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**